بۆ بڵاوكردنەوە

# كوردستانی عێراق: ئازادی ڕادەربڕین لە ژێر هێرشدایە

*دەستگیر كردنی ڕەخنەگرانی حكومەت و ڕۆژنامەنووسان، دادگاییكردنی ئەو كەسانەی ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرن*

(بەغداد- 7ی شوباتی 2013)-هیومان ڕایتس ووۆچ ڕایگەیاند كە پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان دەست هەڵبگرێ لە دەستگیر كردنی هەڕەمەكی ڕۆژنامەنووسان و چالاكەوانان و كەسایەتیە سیاسیەكانی سەر بە ئۆپۆسیزیۆن و كۆتایی بهێنێ بە سزادانی ڕۆژنامەنووسان بەهۆی سوكایەتیكردن یان لەكەدار كردنی ناوبانگی كەسایەتییە حزبی و حكومیەكان. هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش بەبێ فەرمانی دادگا هەستاون بە دەستگیر كردنی ژمارەیەك لەو ڕۆژنامەنووس و كەسایەتیانەی كە لە نووسین و بڵاوكراوەكانیاندا ڕەخنەیان لە بەرپرسان گرتووە، هەندێكیان بەبێ دادگایكردن وئاراستەكردنی هیچ تۆمەتێك لە چەند هەفتەیەكەوە تا ساڵێك دەستگیركراون .

لە هەندێ حاڵەتدا كە وادیارە پێشێلكردنێكی ئاشكرای سەروەری یاسایە، بەرپرسانی وەزارەتی داد و وەزارەتی ئەوقاف و كاروباری ئاینی هەرێمی كوردستان هەوڵیانداوە ئەو پڕۆژە یاسایەی كە "سوكایەتی كردن" بە ئاین و سەركردە سیاسیەكان بە تاوان لەقەڵەم دەدات بخەنە بواری جێ بەجێ كردنەوە، سەرەڕای ئەوەی ئەم پڕۆژە یاسایە لەلایەن لیژنەی یاسایی و لیژنەی مافی مرۆڤی پەرلەمانی كوردستانەوە تا ئێستا ڕێگری لێكراوە لە پەسەندكردن. هیومان ڕایتس ووۆچ رایگەیاند كە ئەگەر پەرلەمانی كوردستان پرۆژە یاساكە پەسەند بكات ئەوا دەبێتە مایەی پێشێلكاریەكی ئاشكرای بنەماكانی ئازادی ڕادەربڕین و ڕێگری كردن لە كاری ڕۆژنامەوانی و ئاشكرا كردنی لەسەر ئاستی باڵا لەو هەرێمە پڕ نەوتەدا .

سارا لی وویتسن، بەڕێوەبەری هیومان ڕایتس ووۆچ لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، ووتی، "ئەمانە ڕۆژانی تاریكن بۆ ئازادی ڕادەربڕین لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا. لەبری ئەوەی حكومەتی هەرێمی كوردستان دڵنیایی لەوە بكاتەوە كە سیستمی دادوەری لێكۆڵینەوە لە گەندەڵیەكانی ئاستی باڵا بكات، بە پێچەوانەوە حكومەت یاساكانی خۆی بۆ بەرگریكردن لە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی گردبوونەوە پشتگوێ خستووەو ئەو "پرۆژە یاسا" بەكاردەهێنێ بۆ بێدەنگ كردنی دەنگە نارەزاییەكان".

بەپێی ئەو زانیاریانەی هیومان ڕایتس ووۆچ لە ماوەی شەش سەردانیدا بۆ هەرێمی كوردستان بە دەستی هێناوە كە دواین سەردانیان لە مانگەكانی تشرینی دووەم و كانوونی یەكەمی ساڵی ڕابردوودا بووە، هێزەكانی ئاسایشی حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ساڵی 2012 دا لانی كەم 50 ڕۆژنامەنووس و ڕەخنەگری دەسەڵات و چالاكەوانی سیاسی سەر بە پۆپۆزیسیۆنیان بە شێوەیەكی هەڕەمەكی دەستگیر كردووە، لە نێو دەستگیر كراوەكان لانی كەم حەوت كەسیان بە تۆمەتی تاوانی سوكایەتی كردن یان لەكەداركردنی ناوبانگی كەسایەتییە سیاسی و حكومییەكان سزادراون. بەرپرسێكی پێشووی خاڵێكی گومرگی بە ناوی ئەكرەم عەبدولكەریم ماوەی زیاتر لە ساڵێكە و بەبێ دادگای كردن بەندكراوە بە تۆمەتی ئاسایشی نەتەوەیی، ئەمەش پاش ئەوەی ئەكرەم عەبدولكریم هەندێ بەرپرسی باڵای پارتی دیموكراتی كوردستانی بە وەلاوەدانی داهاتی گومرگی خاڵە سنوریەكە تۆمەتبار كرد .

لە مانگەكانی تشرینی دووەم و كانوونی یەكەمی ساڵی ڕابردوودا، هیومان ڕایتس ووۆچ چاوپێكەوتنی لەگەڵ 16 ڕۆژنامەنووس و چالاكەوانی سیاسی و كەسایەتی تر ئەنجامدا كە هەموویان لەسەرەتای ساڵی 2012دا بە تۆمەتی ڕەخنەگرتن لە بەرپرسانی هەرێمەكە دەستگیركرابوون. پاش ماوەیەك لە بەندكردن، هەندێكیان ئازاد كران بەبێ ئاراستەكردنی هیچ تۆمەتێكی یاسایی، بەڵام هەندێكی تریان بە تۆمەتی سوكایەتی كردن و لەكەداركردنی ناوبانگی بەرپرسان ڕووبەڕووی سزای غەرامەكردن و بەندكردن بوونەوە .

پارێزەرێك بە ناوی زانا فەتاح ووتی كە بۆ ماوەی شەش ڕۆژ لەلایەن پۆلیسی شارۆچكەی چەمچەماڵەوە دەستگیر كراوە بەهۆی نووسینی ڕاپۆرتێك كە تێیدا فەرمانگەی دادوەری ناوچەكەی بە ناسەربەخۆو پاشكۆی پارتە سیاسیە سەرەكیەكان تۆمەتبار كرد بوو. زانا فەتاح لەلایەن پۆلیسەوە تۆمەتبار كرا بە لەكەداركردنی ناوبانگی دادوەرەكان، بەڵام ڕووبەڕوی هیچ تۆمەتێكی یاسایی نەبووەوە .

لە کاتی کۆبوونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسانی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگای ئاسایش لە مانگی تشرینی دووەمدا، هیومان ڕایتس وۆچ نیگەرانی دەربڕی سەبارەت بەو فشارو سەرکوتکاریانەی ڕووبەڕوی ئازادی ڕادەربڕین دەبنەوە لە هەرێمەکەدا. لە وەڵامدا یەکێک لە بەرپرسەکان ووتی، "باسکردنی گەندەڵی قبوڵ ناکرێت." بەرپرسەکان ووتیان کە ڕۆژنامەنووسە دەستگیرکراوەکان درۆزنن و "پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤی حکومەتیان کردووە" ئەمە ووتەی یەکێک لە بەرپرسەکان بوو.

ماددەی دوو لە یاسای ڕۆژنامەوانی هەرێمی کوردستان ( یاسای ژمارە 35یساڵی 2007) پارێزگاری لە مافی ڕۆژنامەنووس دەکات لە بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانەی کە گرنگ و جێی بایەخن بۆ هاوڵاتیان و بەرژەوەندی گشتی لە چەندین سەرچاوەی جیاوازەوە." هەروەها یاساکە دەڵێ نابێت ڕۆژنامەنووسان دەستگیر بکرێن بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەم زانیاریانەوەو پێویستی دەکات لەسەر حکومەت کە لێکۆڵینەوە بکات و سزای هەر کەسێک بدات کە سوکایەتی یان ئازاری ڕۆژنامەنووس بدات بەهۆی کارەکەیەوە. یاساکە دەڵێ نابێ ڕۆژنامەنووس بە تۆمەتی لەکەدارکردنی ناوبانگ سزابدرێت ئەگەر ڕاپۆرتە بڵاوکراوەکەی لە سنووری پیشە و کاری بەرپرسەکە تێپەڕ نەبێت، بەڵام یاساکە پێناسەی ئەم زاراوانەی نەکردووە .

هیومان ڕایتس ووچ ووتی، پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم ڕێز لە یاسای ڕۆژنامەوانی بگرێت و کۆتایی بهێنێ بە هەراسان کردنی ڕۆژنامەنووسان و ڕەخنەگرانی دەسەڵات. پێویستە پەرلەمانی کوردستان یاسای ئازادی بەدەستهێنانی زانیاری پەسەند بکات کە پارێزگاری مافی هاوڵاتیان دەکات لە ئاگادار بوون و زانینی ئەو زانیاریانە هەروەها ڕێگەیەکی گونجاو بۆ ڕۆژنامەنووسان دابین دەکات لە بەدەستهێنانی ئەو زانیاریانەی کە لەلایەن حکومەت و دامەزراوەکانیەوە قەتیس کراوە .

سارا وویتسن ووتی، "لەبری دەستگیر کردنی ڕۆژنامەنووسان و ڕەخنەگرانی دەسەڵات و گرتنەبەری ڕێوشوێنی سزادانی ئەو کەسانەی دەنگی ناڕەزای دەردەبڕن و کەیسی گەندەڵی ئاشکرا دەکەن، پێویستە لەسەر بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێز لە ئازادی ڕادەربڕین بگرن. پێویستە لەسەر بەرپرسان لێکۆلینەوە بکەن و سزای ئەو کەسانە بدەن کە پێشێلکاری ئەم مافانە دەکەن وەک لە یاساکەی خۆیاندا هاتووە، هەروەها لێپرسینەوە لەو کەسانە بکەن کە پێشێلکاری ئەم مافانە دەکەن ".

زیندانی کردن و دەستگیرکردن و پێشێلکاری مافی ڕۆژنامەنووسان و ڕەخنەگرانی حکومەت لە هەرێمی کوردستان ڕوویانداوە، بەبێ لێپرسنەوەو سزادانی ئەو ئەندامانەی دەزگای ئاسایش و هێزە ئەمنیەکانی تر کە زیادە ڕۆیی لە دەسەڵاتەکەیاندا دەکەن و مافی ڕۆژنامەنووسان پێشێل دەکەن .

نیاز عەبدوڵا لە سەنتەری میترۆ بۆ بەرگریکردن لە ڕۆژنامەنووسان، کە گرووپێکی ڕۆژنامەوانی ناوخۆیی سەربەخۆیە، بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت، سەنتەرەکەیان زیاتر لە 100 حاڵەتی سکاڵای لەسەر پێشێلکاریەکانی مافی ڕۆژنامەنووسان تۆمارکردووە کە لەلایەن بەرپرسانەوە لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە. نیاز ووتیشی، "حکومەت ئەو یاسانەی پشتگوێ خستووە کە ناچاری دەکەن لێکۆڵینەوە بکات لە هەراسان کردن و پێشێلکردنی مافی ڕۆژنامەنوسان، هەروەها لێپرسینەوە و سزای ئەو کەسانە بدات کە هەڵدەستن بە ئەنجامدانی ئەو پێشێلکاریانە ".

لە ڕاپۆرتی کۆتایی ساڵیدا، سەنتەری میترۆ 21 کەیسی لێدانی جەستەیی و یەک هێرشی چەکداری بۆ سەر ڕۆژنامەنووسان تۆمار کردووە لەگەڵ 50 حاڵەتی دەستگیر کردن و 34 حاڵەتی دەست بەسەراگرتنی کامێرا و کەلوپەلی ڕۆژنامەنووسی و پێنج هەڕەشەی کوشتن. کاتێک هیومان ڕایتس وۆچ پرسیاری لە بەرپرسێکی باڵای ئاسایش کرد بۆچی لێکۆڵینەوەو بەدوادا چوون ئەنجام نەدراوە بۆ ئەو سکاڵایانەی لەسەر خراپ مامەڵەکردنی دەستگیر کراوان پێشکەش کراوە، ئەو بەرپرسە یەکەم جار نکۆڵی کرد لەوەی کە هیچ سکاڵایەک پێشکەش کرابێت لەو بارەیەوە، بەڵام پاش ئەوەی بەڵگەی ڕووبەڕو کرایەوە لەسەر ئەو سکاڵا تۆمارکراوانە، بەرپرسەکە ووتی ئەوانەی سکاڵایان کردووە درۆزنن .

لە مانگی ئازاردا، هیومان ڕایتس وۆچ ڕاپۆرتێکی دۆکیومێنتاری ئەنجامدا لەسەر لێدان و دەستگیر کردنی ڕۆژنامەنووسان لەلایەن پۆلیسەوە لەکاتی ڕوومال کردنی یادی ساڵڕۆژی 17ی شوباتی 2011ی خۆپیشاندانە سەرتاسەریەکەی کوردستان. لە خۆپیشاندانە جەماوەریەکەی 17ی شوباتی 2011دا هێزەکانی ئەمنیەکان زیاتر لە 10 خۆپیشاندەریان کوشت و 250ی تریان بریندارکرد.

سارا وویتسن ووتی، "به نیگەرانیەکی زۆرەوە، ئەمڕۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان کەمتر و کەمتر لەو حکومەتە کراوە و دیموکراسیە دەچێ کە وێنەی خۆی کێشاوە و بانگەشەی بۆ دەکات. بە کەم بایەخ تەماشاکردنی گرەنتیە یاساییەکانی ئازادی ڕادەربڕین، حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بایەخی یەکێک لە کۆڵەکە بنچینەییەکانی کۆمەڵگەیەکی ئازاد کەم دەکاتەوە ".

**بۆ زانیاری زیاتر لەسەر سەرکوتکاریەکانی سەر ڕۆژنامەنووسان و ڕەخنەگرانی دەسەڵات و خۆپیشاندەران و کەیسی تاکەکان راپۆرتی خوارەوە بخوێنەرەوە.**

بۆ بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر، پەیوەندی بکە بە:

لە بەغداد، (ئێرن ئێڤەرس)، زمانی (ئینگلیزی و عرەبی)، ژمارەی مۆبایلی نیۆرک 1-917-362-0103 ژمارەی مۆبایلی بەغداد 964-770-004-9740
everse@hrw.org
لە قاهرە ، تەمارا ئەلریفایی، زمانی (ئینگلیزی، عەرەبی، فەرەنسی، ئیسپانی)، ژمارەی تەلەفۆن 1-646-309-8896 یان 1-201-227-512-450
alrifat@hrw.org
لە نیۆرک، سارا لی وویتسن، (زمانی ئینگلیزی) ژمارەی تەلەفۆن 1-212-216-1230 ژمارەی مۆبایل 1-718-362-0172
whitsos@hrw.org

**ڕێوشوێنی یاسایی بۆ بێدەنگ کردنی دەنگە نارازیەکان**

سەرباری هەموو ئەو پێشێلکاریانەی لە دژی ڕۆژنامەنووسان و ڕەخنەگرانی حکومەت دەکرێ، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2012دا لە هەوڵی تێپەڕینی یاسایەکدا بوو کە ئازادی ڕادەربڕین لە کوردستان زیاتر سنووردار دەکات. لە مانگی حوزەیراندا، "پڕۆژە یاسای پارێزگاری کردن لە پیرۆزیەکان" خرایە بەردەم پەرلەمانی کوردستان. یاساکە "سوکایەتی کردن" کە پێناسەیەکی ڕوونی بۆ نەکراوە بە ئاین و هێما نەتەوەییەکان بە تاوان لە قەڵەم دەدات و سزای تا 10 ساڵ زیندانی کردنی تێدایە، هەروەها ڕێگە بە دەسەڵاتداران دەدات بە داخستنی دەزگای ڕاگەیاندن بە بیانووی وەک "نیشاندانی وێنەی پێغەمبەران بە شێوەیەکی نەشیاو". چالاکەوانانی کۆمەڵگەی مەدەنی و چەند کەسایەتیەکی تر بە هیومان ڕایتس وۆچیان ووت، نیگەرانن لەوەی کە دەسەڵاتداران یاسا نوێیەکە بەکاربهێنن بۆ دروستکردنی کەشێکی پڕ لە ترس کە ببێتە هۆی بێدەنگ کردنی دەنگە ناڕەزاییەکان و ڕەخنەگرتن لە پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی هەرێم مەسعود بارزانی .

لە مانگی ئەیلولدا، لیژنەکانی یاسایی و مافی مرۆڤ و کاروباری مەدەنی پەرلەمانی کوردستان پڕۆژە یاساکەیان ڕەتکردەوە. ئەم لیژنانە جەختیان لەوەکردەوە کە برگەکانی "سوکایەتی کردن" ئەو سزایانەی بۆی دیاری کراوە پێچەوانەی ستاندەردە نێو دەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ و ڕێوشوێنە یاساییەکانی ترە لەوانەش ماددەی 38ی دەستووری عێراق کە پێویستی دەکات لەسەر دەوڵەت گرەنتی ئازادی ڕادەربڕین بە هەموو ماناکانیەوە بدات وەک ئازادی ڕۆژنامەوانی، چاپ کردن، ڕێکلام، میدیا و چاپەمەنیەکان، بە جۆرێک کە پێشێلکاری ئاداب و تەرتیبی کۆمەڵگە نەکات. جگە لەوانەش، کۆمیتەکانی لیژنەکانی ووتیان کە پرۆژە یاسا پێشنیاز کراوەکە پێچەوانەی یاسای ڕۆژنامەوانی ساڵی 2007ی هەرێمی کوردستانە .

سەرەرایی ڕەتکردنەوەی پڕۆژە یاساکە لەلایەن پەرلەمانەوە، دەسەڵاتداران لە هەوڵی جێبەجێکردنی برگەکانی پڕۆژە یاساکەدا بوون. لە مانگی تشرینی یەکەمدا، هیومان ڕایتس وۆچ کۆپی نامەیەکی دەست کەوت کە لەلایەن بەرپرسێکی وەزارەتی داد، سەرۆکی داواکاری گشتی سازگار عەلی ناجی، لە 24ی ئەیلولدا ئاراستەی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی هەرێمی کوردستان کرابوو، واتە سێ ڕۆژ پاش ڕەتکردنەوەی پڕۆژە یاساکە لەلایەن پەرلەمانەوە. لە نامەکەدا سەرۆکی داواکاری گشتی داوای لە وەزارەتی ئەوقاف کردبوو کە داواکاری گشتی ئاگادار بکەنەوە لە هەر حاڵەتێک کە تێیدا بێ ڕێزی بە ئاین و مێژووی کورد و سیمبولە نەتەوەییەکان کرابوو لەلایەن میدیاکانەوە تاوەکو داواکاری گشتی ڕێکاری یاسایی لە دژی سەرچاوەی ئەو بڵاوکراوەیە بگرێتەبەر. دوابەدوای ئەوە، لە 15ی تشرینی یەکەم، وەزیری ئەوقاف و

کاروباری ئاینی بە وەکالەت نامەیەکی ئاراستەی هەرسێ بەڕێوەبەرایەتیە گشتیەکانی وەزارەتەکەی لە سلێمانی و هەولێرو دهۆک کرد بوو تێیدا داوای لێکردبوون کە وەزارەتەکەی ئاگادار بکەنەوە لە هەر کەیسێکی بێ ڕێزی کردن بە ئاین و سیمبولە نەتەوەییەکان..... یان لە کاتی گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی لە دژیان .

هیومان ڕایتس وۆچ نەیتوانیوە دڵنیابێت لەوەی کە ئایا ڕێنمایەکانی ئەم بەرپرسانە هیچ دەستگیر کردنی لێکەوتۆتەوە یان نا، بەڵام ئاشکرایە کە کاریگەری هەبووە لە دروست کردنی ترس و دڵەڕواکێ .

چالاکەوانێکی ناوخۆی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت "کاتێک داواکاری گشتی سزای کەسێک دەدات بەپێی یاساکانی سزادان بەهۆی ڕەخنەگرتن لە سیاسەتمەدارێک یان بەرپرسێک، کێ ئەزانێ ، لەوە ئەێێ بەهۆی ئەم نامەیەوە بووبێ؟ "

لەکاتی کۆبوونەوەیەکی لە مانگی تشرینی دووەم لەگەڵ بەرپرسێکی فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێم ، هیومان ڕایتس وۆچ داوای لەو بەرپرسە کرد ڕوونکردنەوە بدات لەسەر ڕێنمایەکانی دادوەری گشتی لەژێر ڕۆشنای ڕەتکردنەوەی پرۆژە یاساکە لەلایەن پەرلەمانەوە. لە وەڵامدا ئەو بەرپرسە ووتی، پرۆژە یاساکە "نەمردووە" و هێشتا لە "هۆڵی پەرلەماندایە و چاوەڕێی پەسەندکردنی ئەندامانی پەرلەمانە".

ئەو بەرپرسە لایەنەکانی ئۆپۆسیزیۆنی بە ڕێگری کردن لە تێپەڕاندنی پرۆژە یاساکە تاوانبار کردوو ووتی، پارتی و یەکێتی کە دوو حیزبی دەسەڵاتداری هەرێمەکەن و زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان سەر بەم دوو لایەنن دەیانەوێ یاساکە پەسەند بکرێ و لە هەوڵەکانیشیاندا سەردەکەون بۆ تێپەڕاندنی پرۆژە یاساکە .

سەبارەت بە نامەکەی سەرۆکی داواکاری گشتی، ئەو بەرپرسە ووتی، "هیچ یاسایەک نیە، بۆیە دەبێت حکومەت لە دەرەوەی یاسا هەنگاو بنێت". ئەو بەرپرسە ووتیشی، "ڕووبەڕووی چەندین کێشە و ئاستەنگی نوێ بووینەتەوە بەهۆی ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی گردبوونەوە بۆیە پێویستمان بە یاسایەکی نوێیە. باوەڕم پێبکەن حکومەت زۆر نەرمتر دەبێت ئەگەر پرۆژە یاسایەکی نوێ پەسەند بکرێت ".

**سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکان**

لە مانگی ئازاردا، هیومان ڕایتس وۆچ ڕاپۆرتێکی بڵاوکردەوە لەسەر لێدان و دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان لەکاتی ڕووماڵکردنی خۆپیشاندانەکانی یادی ساڵڕۆژی خۆپیشاندانەکانی 17ی شوباتی هەرێمی کوردستان .

بە ووتەی شایەتحاڵانی ڕووداوەکان، لە 17ی شوباتی ساڵی 2012دا، بە سەدان کەس لە هێزە ئەمنیەکان گەمارۆی 150 تا 200 خۆپیشاندەریاندا کە لە بەردەرکی سەرای سلێمانی کۆبووبونەوە. هەروەها بە دەیان لە پیاوانی ئاسایش بە جل و بەرگی مەدەنیەوە چووبوونە ناو قەرەباڵغیەکەو بە شەق و دار لە خۆپیشاندەرانیان دابوو .

پارێزەرێک ووتی کە پیاوێک بە جل و بەرگی مەدەنیەوە و بە دارەوە هێرشی کردۆتە سەری لە پشتەوە لێیداوە بە بەرچاوی هێزەکانی ئاسایشەوە .

هێزەکانی ئاسایش کەوتبوونە لێدانی ئەو ڕۆژنامەنووس و وێنەگرانەی کە ڕووماڵی خۆپیشاندانەکانیان دەکرد. ڕەحمان غەریب، ڕێکخەری سەنتەری میترۆ بۆ بەرگریکردن لە ڕۆژنامەنووسان بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت کە هێزە ئەمنیەکان پەلاماریان داوەو دەستیان بەسەر کامێرەکەیدا گرتووە لەکاتێکدا سەرقاڵی گرتنی وێنەی خۆپیشاندانەکان بووە. سەنتەری میترۆ زیاتر لە 200 کەیسی هێرش و هەراسان کردنی ڕۆژنامەنووسانی لەکاتی ڕووماڵ کردنی خۆپیشاندانەکانی مانگی شوبات و ئازاردا لە سلێمانی تۆمار کرد بەڵام تا ئێستا لێکۆڵینەوە لە تەنها یەک کەیسیان نەکراوە .

لەکاتی خۆپیشاندانەکانی 2012دا، هێزە ئەمنیەکان هەروەها بە شەقەوە کەوتنە لێدانی سەباسچن مایەری وێنەگرێکی ئەمریکی دەزگای میترۆگرافی لە کاتێکدا سەرقاڵی گرتنی وێنەی دەستگیرکردنی خۆپیشاندەران بوو لەلایەن هێزە ئەمنیەکانەوە کە دواتر خۆشی و وێنەگرێکی تر بەناوی بژار محمد ڕووبەڕووی دەستگیر کردن بوونەوە. مایەر بە هیومان ڕایتس وۆچی

ووت کە هێزە ئەمنیەکان دەستیان گرتبوو بەسەر کامێراو تەلەفۆنەکەیدا. هەر بە ووتەی ڕۆژنامەنووسان، هێزە ئەمنیەکان تیمێکی کەناڵی ناوخۆی (KNN) و (NRT) و چەند کەناڵێکی تریان دەستگیر کردبوو.

شایەتحاڵان بە هیومان ڕایتس وۆچیان ووت کە هێزە ئەمنیەکان لەناو بنکەیەکی کاتی پۆلیس لە بەردەرکی سەرا لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ 25 تا 30 خۆپیشاندەرو ڕۆژنامەنووسدا کردبوو پاشان لەوێوە بردیانن بۆ زیندانی فەرماندەیی لە دەرەوەی ڕۆژئاوای شاری سلێمانی و لەوێ بۆ ماوەیەکی کورت دەست بەسەرکردن ئازاد کرابوون .

**سەرکوتکردنی ڕۆژنامەنووسان**

شەوقی کەنەبی، بەرێوەبەری کەناڵی (KNN) ی هەولێر، یەکێکە لەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە ساڵی 2012دا ڕووبەڕی سزا بووەتەوە. شەوقی کەنەبی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە سزادرا بە تۆمەتی پێشێلکردنی ماددەی 434 لە یاسای سزادانی عێراقی کە هەر "سوکایەتی کردنێک" بە تاوان لەقەڵەم دەدا. ئەمەش دوای بە دوای ئەوەبوو کە کەناڵەکە لە 24ی حوزەیراندا چاوپێکەوتنی کارمەندی کۆمپانیایەکی پەخش کرد کە خاوەنەکەی یەکێک بوو لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر. لەکاتی چاوپێکەوتنەکەدا، کارمەندەکە ووتبووی کە کۆمپانیاکە فێڵی لە هەندێک خەڵک کردووە هەروەها شەوقی کەنەبیش ئاماژەی بەوەکردبوو کە یاسا ڕێگەنادات بە خاوەن کۆمپانیا پۆست و بەرپرسیارێتی فەرمانگەی حکومی هەبێت. لە 20ی تشرینی یەکەم، دادگا شەوقی کەنەبی تۆمەتبارکرد بە سوکایەتی کردن بە یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێرو بە غەرامەکردنی 1.5 ملیۆن دیناری عێراقی سزایدا .

شەوقی کەنەبی بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت، پاش سزاکەی دادگا، خەڵکانی نەناسراو پەیوەندیان پێوەکردووە و پێیان ووتوە ئەگەر داوای لێبووردن لەو ئەندامەی ئەنجومەنی پارێزگای هەولێر بکات سزاکەی لەسەر هەڵدەگیرێت، بەڵام شەوقی کەنەبی ڕەتی کردبوویەوە کە داوای لێبووردن بکات. شەوقی کەنەبی ئاماژەی بەوەکرد، نەبوونی یاسایەک کە ڕێز بگرێت لە مافی ئازادی بە دەستهێنانی زانیاری بەرپرسیارە لە سزادانەکەی و ئاستەنگێکی گەورەیە لەبەردەم کاری ڕۆژنامەنووسان چونکە "هەموو دەسەڵاتەکان دەداتە حکومەت ."

کەنەبی ووتی، "ڕۆژنامەنووسان ناتوانن بەشێوەیەکی یاسایی زانیاری کۆبکەنەوە." هەروەها ووتیشی، "کاتێک هەوڵدەدەی زانیاریەک بە دەستبهێنی، چەندین یاسایان هەیە لە دژت بەکاری بهێنن. حکومەتی هەرێمی کوردستان ئامرازی نادەستووری بەکاردەهێنێ بۆ نەهێشتنی ئازادی ڕۆژنامەوانی و سیاسەتی ئۆپۆزیسیۆن، هەروەها بە پرۆسەیەکی یاسایی گونجاو بیانوو بۆ ئەم هەوڵانەی دەهێنێتەوە. لە ئێستادا، پێش ئەوەی بتکوژن هەرەشەت لێدەکەن و دەستگیرت دەکەن".

لە مانگی نیساندا، پۆلیس شیروان شێروانی سەرنووسەری ڕۆژنامەی باشووری دەستگیر کرد بەهۆی بڵاوکردنەوەی دوو ڕاپۆرت کە ڕەخنەیان لە بەرپرسانی هەرێمەکە گرتبوو. یەکێک لە ڕاپۆرتەکان باسی لە کەیسێکی گەندەڵی کردبوو کە گوایە 206 ملیۆن دیناری عێراقی دیانەمابو بوو لە سندوقی ئەنجومەنی قەزای ئاکرێ. ڕاپۆرتەکەی تر ئاماژەی بەوە کردبوو لە زمانی بازرگانێکی ناوخۆ کە گوایە برای سەرۆکی هەرێم دوو ملیۆن دۆلاری داوە بەو بازرگانە بۆ مامەڵەی بازرگانی .

شێروانی ووتی، لە 20ی نیساندا لەکاتێکدا لە گەشت و سەیران کردن بووە، هێزەکانی پۆلیس بەبێ نیشاندانی هیچ فەرمانێکی دەستگیرکردن لەلایەن دادگاوە هەستاوون بە دەستگیر کردنی. پۆلیس پێیان ووتبوو تەنها بۆئەوە دەیبەن چەند پرسیارێکی لێبکەن. پاش سێ ڕۆژ بە کەفالەت ئازادیان کردبوو، بەڵام دەستبەجێ چەند چەکدارێک بە جل و بەرگی ڕەشەوە بۆ ماوەی سێ ڕۆژی تر دەستگیری دەکەن .

شێروانی تۆمەتبارکراوە بە لەکەدارکردنی ناوبانگی سیاسەتمەدارانی هەرێمەکە، بەڵام دادگا هێشتا ڕۆژی دادگای کردنەکەی دیاری نەکردووە.

ئەمە لەکاتێکدایە بەپێی یاسای ڕۆژنامەوانی، دەسەڵاتداران نابێت سزای تاوان بەسەر ڕۆژنامەنووساندا بسەپێنن لەبەر بڵاوکردنەوە یان نووسینی ڕاپۆرت لەسەر کاری بەرپرسان و نوێنەرەکانی خەڵک، بەمەرجێک ڕۆژنامەنووسەکە بەڵگەی هەبێت .

هەروەها یاساکە ماوەیەکی دیاری کراوی داناوە بۆ بەرپرسان کە لە 90 ڕۆژ تێپەڕ نەبێت بۆ پێشکەش کردنی سکاڵا لە دژی ئەو ڕاپۆرتەی کە ناوبانگیانی تێدا لەکەدار کراوە، بەڵام بەرپرسان 170 ڕۆژ لە پاش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکە سزایان ڕووبەڕوی شێروانی کردەۆتەوە. شێروانی داوای پێداچوونەوەی سزاکەی کردووە، بەڵام وەڵام نەدراوەتەوە .

هیومان ڕایتس وۆچ لە چەند سەرچاوەیەکی باوەڕبێکراوەوە زانیاری دەست کەوت کە ئاسایش لە ناوچەی بادینان 14 ڕۆژنامەنووسی تریان بانگهێشت کردووە بۆ لێکۆڵینەوەو هەڕەشەیان لێکردوون و بەڵێنیان لێوەرگرتوون کە ڕاپۆرت نەنووسن بۆ ڕۆژنامەی سەربەخۆ.

ڕۆژنامەنووسان و چالاکەوانان ناوچەکانی نێوان بادینان و دیانە و مەسیفیان بە "سێگۆشەی بەرمۆدە" بۆ ئازادی ڕادەربڕین ناوزەند کرد .

ئەم هەڵسوکەوتانەی دەسەڵاتداران کاریگەری هەبووە لە دروستکردنی ترس و دڵەراوکێ. ئاسۆس هەردی لە ڕۆژنامەی ئاوێنە لە سلێمانی بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت، "قسەکردن لەسەر سیاسیەتەکانیان کارێکی ترسناکە...بە تایبەت باسکردنی گەندەڵی بابەتێکی هەستیارە. کێشەکە ئەوەیە هیچ عەقڵیەتێکی لێپرسینەوە نیە. " ئاسۆس هەردی دەربارەی بەرپرسان ووتی، "ئەگەر بیانەوێ کەسێک بسڕنەوە ئەوا دەیسڕنەوەو پاشان بەدوای بیانوویەکدا دەگەڕێن بۆی".

شوان سابیر، جێگری بەرپرسی تۆڕی دادوەری بەندیەکان، هەمان ووتەکانی ئاسۆس هەردی دووپات کردەوە: "کاتێک بەرپرسە گەندەڵەکان سزای ئازادی ڕادەربڕین دەدەن، ئاوات لەسەردێ. حیزبە دەسەڵاتدارەکان ڕەخنەگران بێدەنگ دەکەن".

**کەیسی ئەکرەم عەبدول کەریم**

پارێزەرەکەی ئەکرەم عەبدولکریم بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت، هێزەکانی ئاسایش لە 1ی تشرینی دووەمی ساڵی 2011دا لە خاڵی گومرگی ئیبراهیم خەلیلی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا هەستان بە دەستگیر کردنی ئەکرەم عەبدولکەریم کە ناسراوە بە سەید ئەکرەم، ئەوەش پاش یەک هەفتەیەک لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ کەناڵی .(NRT) لە میانەی چاوپێکەوتنەکەیدا، سەید ئەکرەم بەرپرسانی پارتی دیموکراتی کوردستانی تاوانبار کرد بوو بە هەڵلوشینی داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل و ناردنی بۆ ئۆفیسی بەرپرسێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان. پاش چاوپێکەوتنەی، ڕۆژنامەی باشوور و هاوڵاتی و 50 پەرلەمانتار نامەیەکیان بڵاوکردەوەو تێیدا داوای ڕوون کردنەوەو شەفافیەتیان بۆ داهاتی گومرگی ئیبراهیم خەلیل کرد. دەسەڵاتداران بە فەرمی نکۆڵیان لە تۆمەتەکانی سەید ئەکرەم سەبارەت بە داهاتی ئیبراهیم خەلیل نەکردووە .

پارێزەرەکەی ووتی کە دەسەڵاتداران بۆ ماوەی دوو تا سێ هەفتە ڕێگەیان پێ نەداوە سەید ئەکرەم ببینێ و لەو ماوەیەدا سەید ئەکرەم ڕووبەڕوی لێدان بووەتەوە. بە ووتەی پارێزەرەکەی پاشان سەید ئەکرەم لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە تۆمەتبارکرا بە دروستکردنی مەترسی لەسەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەوەش بە بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی بەرپرسانی خاڵە گومرگیەکە کە لەکاتی کارکردنی بۆ دەزگای ئاسایش و وەزارەتی ناوخۆ بە دەستی هێناوە. ئێستا سەید ئەکرەم لەلایەن دەزگای ئاسایشەوە تۆمەتبارە بە پێشێل کردنی ماددەی 316 لە یاسای سزادانی عێراقی ساڵی 1969 کە سزاکەی دەکرێت تا 10 ساڵ زیندانی کردن بێت، بەپێی یاساکە "هەر بەرپرس یان فەرمانبەرێکی حکومی پێگەکەی بەکاربهێنێ بە مەبەستی بە دەستهێنانی پارە، زانیاری یان دۆکیومێنتی یاسای یان شتی تر کە مافی بە دەستهێنانی نەبێت و بە موڵکی دەوڵەت دادەنرێ ڕووبەڕوی سزا دەبێتەوە".

سەید ئەکرەم ئێستا لە زیندانی زیرگەی شارۆچکەی زاخۆدایە لە پارێزگای دهۆک. لە بارودۆخێکی تەندروستی خراپدایە چونکە ماوەیەک بەر لە دەستگیر کردنەکەی نەشتەرگەری بۆ کراوە. لە نامەیەکی کراوەدا کە لە لە 30 تشرینی دووەمی 2012لە ڕۆژنامەی باشوور بڵاوکرایەوە، سەید ئەکرەم باس لە مەترسیەکانی سەر ژیانی دەکات لەناو زیندانداو دەڵێ هەموو داو دەرمان و چارەسەرێکی تەندروستی بەڕێوەبەرایەتی زیندانەکەی ڕەتکردۆتەوە پاش ئەوەی زیندانیەکانی تر پێیان ووتوە کە ڕەنگە بەرپرسانی ئاسایشی زیندانەکە ژەهرخواردی بکەن. هاوسەرەکەی سەید ئەکرەم بە پارێزەرەکەی ووتوە کە مەترسی لەسەر ژیانی هەیەو بەردەوام خەڵکانی نەناسراو چاودێری دەکەن.

هەرچەندە ماوەی زیاتر لە ساڵێکە سەید ئەکرەم دەستگیر کراوە بەڵام هێشتا دەسەڵاتداران ڕۆژی دادگایکردنیان دیاری نەکردووە، کە ئەمەش زیاتر ئەو گومانەی چالاکەوانانی ناوخۆی پشت ڕاست دەکاتەوە کە پێیان وایە سەید ئەکرەم لەسەرەتاوە

بە هۆکاری سیاسی دەستگیر کراوە چونکە ڕەخنەی لە سەرکردەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان گرتووە. دکتۆر کاروان بەروانی کە چالاکەوانێکەو لەسەر کەیسەکەی سەید ئەکرەم کاردەکات بە هیومان ڕایتس وۆچی ووت: "ئەم کەیسە پەیوەندی بە ئاسایشی نەتەوەییەوە نیە: بەڵکو ئەمە کەیسێکی ناکۆکی سیاسی و ئازادی بیرکردنەوەیە ".

**کەیسی زەردەشت عوسمان**

هێشتا تەم و مژو نهێنی سەراپای کەیسی زەردەشت عوسمانی گرتوتەوە، ئەو ڕۆژنامەنووس و خوێندکارە تەمەن 23 ساڵەی کە زیاتر لە دوو ساڵ لەمەوبەر ڕفێنراو پاشان کوژرا لە دوای نووسینی ڕاپۆرتێکی ڕەخنە ئامێز لە دەسەڵاتدارانی هەرێمەکە. لە 4ی ئایاری ساڵی 2010دا، زەردەشت عوسمان لەسەر شەقامێکی نزیک شاری موسڵ بە کوژراوی دۆزرایەوە. جەستەی سەردەشت عوسمان شوێنەواری ئەشکەنجەی پێوە دیاربوو لەگەڵ دوو گولە بەسەریەوە. یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی کە لاشەی زەردەشت عوسمانی بە کوژراوی بینی بوو ووتی، یەکێک لە گولەکان بە دەمیەوە نرابوو کە بەلێکدانەوەی یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی و ڕۆژنامەنووسە کوردەکان پێدەچێت ئەوە پەیامێک بێت بۆ میدیاکاران تا بێدەنگ بن .

لە ناوەندی کەوتنەوەی هەموو ئەو نارەزاییانەی دوای کوشتنی زەردەشت عوسمان، مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێم فەرمانیدا بە پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە لە کوژرانی زەردەشت عوسمان. لە 15ی ئەیلولی 2010دا، لیژنەکە ڕایگەیاند، ئەندامانی ئەنسار ئەلئیسلام، کە گرووپێکی چەکداری سەربە ڕێکخراوی ئەلقاعیدەیە، هەستاون بە کوشتنی زەردەشت عوسمان چونکە بەڵێنی دابوو چالاکی تیرۆریستی بۆ گرووپەکە ئەنجامبدات بەڵام بەڵێنەکەی جێبەجێ نەکردبوو. لیژنەیەکە ووتی کە هیشام مەحمود ئیسماعیلی دانیشتووی بێجی، باکوری تکریت، لەکاتی لێکۆڵینەوەدا دانی بەوەدا ناوە کە زەردەشت عوسمانی بە چاوبەستراوی گواستوەتەوە بۆ چەکدارانی ئەنسار ئەلئیسلام لە موسڵ. بەڵام ئەنسار ئەلئیسلام دەستبەجێ نکۆڵی لەوەکرد کە بەرپرسیار بێت لەئەنجامدانی ئەو کارە. گرووپەکە لە بەیاننامەیەکیاندا ووتیان ئەگەر کەسێک بکوژین یان بڕفێنین، خۆمان ڕادەگەیەنین پێویستمان بەوە نیە کەس درۆمان بە ناوەوە بکات. پاش دوو ساڵ تێپەڕین بەسەر ڕووداوەکەو چەندین جار دواکەوتن، بڕیارە هیشام ئیسماعیل لە 2ی ئازاردا لەبەردەم دادگای تاوانەکانی هەولێر بووەستێ بۆ دادگایکردن .

لە کانوونی یەکەمی 2012دا و پاش چەندین جار داواکاری لەلایەن هیومان ڕایتس وۆچەوە، جێگری وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەجۆرێکی تر باسی لە ڕووداوەکە کرد. جێگری وەزیری ناوخۆ ووتی، لە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە کە زەردەشت عوسمان پەیوەندی بە گرووپی ئەنسار ئەلئیسلام کردووە بۆ وەرگرتنی زانیاری لەسەر چالاکیەکانی ڕابردوو و داهاتووی گرووپەکە بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی لە تۆڕی ئینتەرنێت. بەڵام لەبەرئەوەی زەردەشت عوسمان نەبووەتە ئەندامی گرووپەکەوە بۆیە کەوتوونەتە گومان لێی و پاشان کوشتوویانە .

**یاسا نێو دەوڵەتیەکان پارێزگاری لە ئازادی ڕادەربڕین دەکەن**

یاسا نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ ئازادی ڕادەربڕین وەک بنچینەی مافەکانی مرۆڤ ڕەچاو دەکات، لەبەرەوەی کاریگەریەکی گرنگی هەیە لە ژیانی تاک و بەڕێوەبردنی گۆمەڵگەیەکی دیموکرات. ماددەی 19 لە پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسیەکان کە عێراق ئەندامە لە پەیماننامەکە گرەنتی "ئازادی گەڕان و وەرگرتن و گواستنەوەی زانیاری و بیرۆکە بە هەموو جۆرەکانیەوە دەدات. بەبێ ڕەچاوکردنی هیچ سنورێک، ئیتر بە زارەکی بێت یان بە نووسین و بڵاوکردنەوە یان لە شێوەی هونەر یان هەر ئامرازێکی تری میدیای بە هەڵبژاردەی کەسەکە خۆی. ماددەی 15 لە هەمان پەیماننامە گرەنتی ئەوە دەدات کە نابێت هیچ کەسێک سزا بدرێت بەهۆی ئەنجامدانی سوکایەتیکردنێک کە لە یاسادا بە تاوان لەقەڵەم نەدرابێت لە کاتی ڕوودانیدا .

یاسا نێودەوڵەتیەکانی مافی مرۆڤ زۆر بە ڕوونی جەختیان لەوەکردۆتەوە کە سیاسەتمەداران و بەرپرسانی حکومی زیاتر دەکەونە ژێر سەرەنج و چاودێری بە بەراورد بە خەڵکانی ئاسایی کە خوازیاری ئەوەنەبوون ببنە جێی سەرەنجی کۆمەڵگە. پرەنسیپی سیراکۆزای نەتەوەیەکگرتووەکان لە برگەکانی سنوردارکردن و ڕەچاونەکردنی یاسا بۆ ماوەیەکی کاتی لە بارودۆخێکی تایبەتدا لە پەیماننامەی نێو دەوڵەتی مافە سیاسی و مەدەنیەکان دەڵێ، نابێت سنوردارکردنی ئازادی ڕادەربڕین بەکاربهێنرێت بۆ پارێزگاری کردنی دەوڵەت و بەرپرسەکانی لە ڕەخنە و بۆچوونەکانی خەڵک. کۆمیتەی مافی مرۆڤی نەتەوەیەکگرتووەکان لە دوا لێکدانەوەی بۆ ئازادی ڕادەربڕین لە پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ مافە مەدەنی و سیاسیەکان، دەڵێ هەموو کەسایەتیە حکومی و سیاسیەکان دەکرێت ڕووبەڕووی ڕەخنە ببنەوە و دەوڵەت نابێت ڕێگری بکات لە ڕەخنەگرتن لەلایەن دامەزراوە گشتیەکانەوە.

هیومان ڕایتس وۆچ ووتی، حکومەتی هەرێم لەساڵی 2012دا نەیتوانی پاپەند بێت بەو بەندانەوە. ڕێگەیدا بە هەراسان کردن و تۆقاندنی ڕۆژنامەنووسان و ڕەخنەگرانی دەسەڵات بەوانەشەوە کە هەوڵیاندەدا پەردە لەسەر گەندەڵی و کارە نایاساییەکانی بەرپرسان لادەن، ئەمە جگە لەوەی حکومەت چاوپۆَشی دەکرد لەو کەسانەی کە سەرکوتی دەنگە ناڕازییەکانییان دەکرد .